# بەرپرسانی عێراق بە بەراورد بە دەستەڵاتدارانی وڵاتانی دیکە زۆرترین مووچە وەردەگرن



کاتێک باس لە مووچەی بەرپرسان دەکرێ، هەندێ کەس پارەی خۆیان تەرخان دەکەن تا بە دەستەڵات بگەن. کەچی هەندێکی دیکە بۆ ئەوەی دەستیان لە خەزێنەی مووچە گیرببێ، هەوڵی گەیشتن بە کورسی دەدەن، هەردوو جۆرەکەش لە دنیای سیاسەتدا بوونیان هەیە. لە وڵاتانی دیموکراسیدا کاتێک سەرکۆمار، سەرۆکوەزیران، وەزیرو پەرلەمانتار دەست بەکار دەبن، سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەروەها کاتێک پۆستەکانیان لەدەست دەدەن، جارێکی دیکە لێپرسینەوە لە سەروەت سامانیان دەکرێ، بەوهۆیەوە دەردەکەوێ کە ئایا پۆست و دەستەڵاتی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بەکارهێناوە یان نا؟

جاک شیراک لە ١٦ی ئایاری ٢٠٠٧ لیستی سەروەت و سامانی خۆی لە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی دا بڵاوکردەوە، لەوێ دەرکەوتبوو کە خۆی ژنەکەی بای ٥٨٠ هەزار یۆرۆ موڵکیان هەیە، هەروەها بەهەردوکیان خانووێکیان هەیە کە بای ٥٠٠ هەزار یۆرۆیە،لەگەڵ ئۆتۆمۆبێلێکی مۆدێل ١٩٨٤ کە تێکڕای سەروەتیان ناگاتە یەک ملیۆن و چوار سەد هەزار یۆرۆ. جێی ئاماژیە کە ساڵی ١٩٩٥ کاتێک جاک شیراک بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردرا سەروەت و سامانەکەی دەگەیشتە یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار یۆرۆ، هەروەها ساڵی ٢٠٠٢ پێش ئەوەی کلیلی کۆشکی ئەلیزا وەربگرێ، ئاشکرای کرد کە سەروەت و سامانەکەی دەگاتە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار یۆرۆ. دوای دوازدە ساڵ حوکمڕانی دەرکەوت کە تەنیا ١٠٠ هەزار یۆرۆ لە سەروەت و سامانەکەی زیادی کردوە، ئەوەش بەبەراورد بە سەروەتی پێشوی خۆی زیادبوونێکی ئاساییە و کەس ناتوانێ پەنجەی گەندەڵی و ساختەکاری بۆ درێژ بکات.

هەرلەو پێوەندەدا ئاماژە بە مووچەی مانگانەی سەرکۆماری ئەڵمانیا دەدەین کە تەنیا ١٦٠٠٠ یۆرۆیە، بەڵام ئایا مووچەی مانگانەی بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراقی بە هەرێمی کوردستانیشەوە چەندە؟!

فەرمانبەری ئاسایی دەوڵەت کە زۆر هیلاک و ماندووش دەبێ مووچەکەی لە ١٥٠ هەزار دەست پێدەکات، بەڵام ئەندام پەرلەمانێکی عێراق ١٠ ملیۆن دینار وەردەگرێ، وەزیرێک ٥ ملیۆن دینارو بەڕێوەبەری گشتی ٣ ملیۆن دینار وەردەگرن، ئایا مووچەی ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران چەندە؟!

هەندێک سەرچاوە دەڵێن کە مووچەی تێکڕای هەر سێ ئەندامەکەی سەرۆکایەتی کۆمار ١٦٠ هەزار دۆلارە. هەروەها مووچەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوو ملیۆن دۆلار و مووچەی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی (پارلەمان) و جێگرەکانیشی تەنیا ٥٠ هەزار دۆلارە!

سەرچاوەیەک ئاشکرای کردوە کە مووچەی بنەڕەتی عادل عەبدولمەهدی و تاریق هاشمی ٦٦٦٧ دۆلارە، بەڵام هەریەکەیان مانگانە ٥١ هەزار دۆلار وەردەگرن کە ٤٥ هەزار بۆ بەردەست و تایبەتمەندێتی خۆیانە.

هەرچەندە کە تا ئێستا مووچەی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان و وەزیرەکان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام دەگوترێ کە ئەندام پەرلەمانی کوردستان ٧ ملیۆنو وەزیر ٥ ملیۆن دینار وەردەگرێ. ئەگەر ئەو بڕە مووچەیەش کتومت ڕاست نەبێ، بەلام بەلایەنی کەمەوە ئەندام پەرلەمان و وەزیر مووچەی لە ٤ ملیۆن دینار کەمتر نیە.

باراک ئۆبامای سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مووچەی مانگانەی تەنیا ٤٨ هەزار دۆلارە، جا ئەگەر بەراوردێک لەنێوان مووچەی ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بکەین، دەبینین زۆر لە مووچەکەی ئۆباما زۆرترە، کەچی وێڕای هەموو ئەوانەشەوە تا ئێستا سەروەت و سامانی خۆیان بۆ لیژنەی دەستپاکی ئاشکرا نەکردوە.

لێرەدا بۆچوونەکەی سەروو شرۆڤە دەکەین کە ئایا پۆست و دەستەڵات بۆ سەروەت و سامان کۆکردنەوەیە یان سەروەت و سامان بۆ گەیشتن بە پۆست و فەرمانڕەوایەتیە؟!

مۆرتێن ئۆستەرگارت ،ئەندامی ئەندامانی دانمارک بە ئاری ئەبوبەرکری گووتوە کە: (سیاسەت کردن لە دانیمارک دا بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و خۆ دەوڵەمەند کردن نییە، بەڵکو بۆ باشترکردنی ژیانی تاکەکانی وڵاتە، ئەگەر بتەوێت دەوڵەمەند ببیت، ئەوا ئەبێت خۆت لە سیاسەت بە دوور بگریت، چونکە سیاسەت کردن و دەوڵەمەند بوون دوو ڕێگەی دژ بەیەکن)

ئایا تا چەند بۆچونی ئەو ئەندام پەرلەمانەی دانمارک لەگەڵ ڕەوشی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگونجێ؟!

دیاردەیەکی دیکەی سەیر لە سیستەمی مووچە لە عێراقی نوێدا، خانەنشین کردنی ئەوانەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرپرسیارێتیان هەبووە. ئەوەتا پەرلەمانتارەکانی دەرەی پێشو هەریەکەیان ٨٠% مووچەکانیان وەردەگرن، دەیان وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیش هەن کە مووچەکانی پێشوویان وەردەگرن، ئەوە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا وێنەی نیە. لە وڵاتانی دیکەدا کەسێک کە پۆستەکەی نامێنێ، لانی زۆر یەکساڵ ڕێژەیەک لە مووچەکەی پێدەدەن، دوای لێی دەبڕن و تەواو دەبێ.

دیارەیەکی دیکەی سەیر مانەوەی پاسەوانە، کاتێک ئەندام پەرلەمانی پێشوو، وەزیری لادراو جگە لە مووچەکانیان، مووچەی پاسەوانەکانیشیان وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەیە بێجگە لە داچۆڕان و گەندەڵی شتێکی دیکە بەرجەستە ناکات، ئەی باشە بۆچی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بیر لەو دیاردە ترسناکە ناکەنەوە؟!

ئەگەر لێکدانەوەیەکی حیسابی بۆ ئەندام پەرلەمان و پاسەوانەکانیان بکەین، هەر چوار ساڵ ٣٢٣ ئەندام پەرلەمان لە عێراق خانەنشین دەبن، لە کوردستانیش هەر چوار ساڵ ١١١ ئەندام خانەنشین دەبن، ئەمە جگە لە وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی.

ئەگەر ٣٢٣ کەس مانگانە هەر یەکەیان ١٠ ملیۆن دینار وەربگرێ، پاسەوانەکانیشیان لانی کەم بەهەموویان ٧ ملیۆن دیانر وەردەگرن، لەکوردستانیش ١١١ کەس مانگانە ٧ ملیۆن دیار وەردەگرن، پاسەوانەکانیشیان لانی کەم ٥ ملیۆن دینار وەردەگرن، کەواتە ساڵ دوای سال ژمارەی خانەنشینی مووچە بەرز زۆر دەبێ، ژمارەی پاسەوانی بندیوار زۆر دەبێ، سەرەنجام هەزاران کەسی مشەخۆر لە نێو کۆمەڵدا دروست دەبن، کە لەگیرفانی خەڵک و دیتراندا بە خۆڕایی دەیخۆن، بەوشێوەیە داهاتی عێراق و کوردستان بۆ بەرپرسان قۆرخ دەکرێ.

لەدوای روخانی ڕژێمی بەعس تا ئێستا چەند بەرپرسی باڵا شوێنیان چۆل بووە، ئەندامانی مەجلیسی حوکم، غازی یاوەری سەرکۆمار، عەلاوی و جەعفەری سەرۆکوەزیران، مەشهەدانی سەرۆکی پارلەمان، ئەمە بێجگە لە دەیان ئەندام پەرلەمان و وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی، ئایا ئەوانە هەر هەموویان مووچەی پۆستەکانی پێشوویان وەردەگرن؟ بێگومان کەسێک ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆربەی بەرپرسانی عێراقی ڕێی دووەم بۆ گەیشتن بە دەستەڵات هەڵدەبژێرن، هەربۆیەش ئامادەنابن بەبێ مسۆگەرکردنی داهاتوو دەست لە کورسیەکانیان بەر بدەن.

**کەریم وڵاتپارێز**

# بازنەی گوشارەکانی سەر دەستەڵاتدارانی تورکیا توندتر دەکرێ

تورکیا رابردوویێکی خراپی لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە، هەربۆیە لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بەپەلە پێوەندی لەگەڵ دروست کردو گەشەی پێدا. تا وایلێهات کە ئیسرائیل و تورکیا وەک دووانەی سەیری جیهانی ناو دەبران. لە ڕێی ئەو پێوەندیانەشەوە هەم ئەمریکا داکۆکی لە تورکیا دەکرد، هەم وڵاتانی ناوچەکەش نەیاندەتوانی ململانێ و کێشمەکێشی ئاشکرای لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە ملی ڕێی گرتووە. هەڵبەت ئەمریکاو ئیسرائیل و وڵاتانی ئەوروپا لە تورکیا هەڵنەگەڕاونەتەوە، بەڵکو تورکیا لەنێوخۆیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئیسلامیخوازەکان دەستەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، زۆرینەی خەڵکی تورکیاش پشتیوانی لەو ئیسلامیخوازەکان دەکەن، بەوهۆیەوە ئیدی کارتی گوشارەکانی دەرەکی روویان لە زۆربوون و فراوانبوون کردوە.

دیارە کارتەکانی گوشاری دژ بە دەستەڵاتدارانی تورکیا زۆر دەمێکە خەوێندراون و هی سەردەمی عوسمانلی و سەردەمی کەمال ئەتاتورکە، بەڵام چونکە دەستەڵاتدارە ئیسلامیخوازەکانی ئێستای تورکیا دەیانەوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان پشت لە جیهانی پێشکەوتوو بکەن و بۆ جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بگەڕێنەوە، ئیدی کارتە خەوێندراوەکان وەئاگا هێندراون و بۆ دژایەتیکردن ئامادە کراون.

دەکرێ بڵێین کە فەرەنسا یەکەمین وڵاتی جیهان بوو کە ئەو کارتەی بە ڕووی تورکیا بەرزکردەوەو قڕکردنی ئەرمەنیەکانی بە جینۆساید ناساند، دواتر مشتومڕ لەنێو کۆنگرێسی ئەمریکاش سەریهەڵدا، بەڵام جۆرج دەبلیو بووش ڕێگری کردو نەیهێشت کارتەکە بەرز بکرێتەوە، بەڵام لەوەتەی تورکیا لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا پشتیوانی لە فەلەستینیەکان دەکات و ناحەزی خۆی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل پێشان دەدات، ئیدی وڵاتانی دیکەی جیهانیش بەدوای کارتە تۆز لێنیشتووەکاندا دەگەڕێن و بەرووی دەستەڵاتدارانی ئەنکارا بەرزی دەکەنەوە.

حکومەتی دادوگەشەپێدان کە مەیلی ئیسلامخوازی تێیدا چەکەرەی کردوە، هەوڵ دەدات پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا خۆشتر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە ئێران و سعودیە خۆی نزیک دەکاتەوە. ئەو ڕەفتارانەی دەسەڵاتدارانی پارتی دادوگەشەپێدان وایکردوە کە ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە کارتە شاردراوەکان دەربهێنن و بەروویدا بەرزی بکەنەوە.

لە ڕۆژی ٧ی ئاب پەردە لەسەر مۆنۆمێنتی قوربانیانی سریان لە فێرفیلدی شاری سدنی وڵاتی ئوستراليادا لادرا، ئەو هەنگاوەش کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا تووڕە کرد. ئەوەبوو دوای سێ ڕۆژ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە فەرمی نیگەرانی خۆی پێشانداو ئەو کارەی مەحکوم کرد و ڕایگەیاند کە: ئەو کارە ڕیسوا دەکەین چونکە مێژوو دەشێوێنێ و ستەم لە وڵاتەکەمان دەکات، هەروەها مەترسییێکی پەسەند نەکراوە، هیوا کوژە لە دڵی ئەو وڵاتیە تورکیانەی کە ئێستا لە ئوسترالیادا دەژین'

سەلجوق ئۆنال وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە درێژەی قسەکانیدا هیوای خواست کە کاربەدەستانی ئوسترالیا ئاگایان لە مەرامی ئەو کەسانەوە بێت کە دەیانەوێ تۆوی ڕق و دوژمنایەتی بچێنن.

هێشتا داخی دڵی تورکیا لەبەرانبەر ئوسترالیادا هێور نەبۆوە کە ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە لە هێرش کردنە سەر کەشتی ئازادی کە تورکیا بەرەو کەرتی غەزە بەرێی کردبوو، ئاشکرای کرد کە لە رقی پێوەندی نێوان رەجەب تەیب ئەردۆگان و مەحمودی ئەحمەدی نەژاد فەرمانی داوە کە هێرش بکرێتە سەر کەشتی ئازادی کە بە مەبەستی فریاگوزاری بەرەو کەرتی غەزە دەڕۆیشت. ناتانیاهۆ نەیشاردۆتەوەو گوتویەتی: ( بۆچی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە تاران دیداری مەحمودی ئەحمەدی نەژاد دەکات و لەوێ لەگەڵ سەرۆکی بەرازیل سێ قۆڵی کۆبوونەوە دەکەن و ڕاگەیاندراوی هاوبەش سەبارەت بە چەکی هەستی ئێران ئیمزا دەکات؟!)

لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای ئەوەی کە دەزگای سیخوڕی ئیسرائیل ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی ڕێزدار ئۆجەلان بە تورکیا، بەڵام ئێستا هانی کوردە جولەکەکانی ئیسرائیل دەدات کە هاوسۆزی لەگەڵ کوردەکان بنوێنن و دەوڵەتی تورکیا بەوە تۆمەبار بکەن کە چەکی کۆمەڵکوژ دژ بە خەڵکی سڤیل بەکار دەهێنێ.

> **دەزگای سیخوڕی ئیسرائیل ڕۆڵی بنەڕەتی لە دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی ڕێزدار ئۆجەلان دا هەبو، بەڵام ئێستا هانی کوردە جولەکەکانی ئیسرائیل دەدات کە هاوسۆزی لەگەڵ کوردەکان بنوێنن**

کۆبوونەوەو ناڕەزایی دەربڕینی ژمارەیەکی زۆری وڵاتیانی ئیسرائیل لەبەردەم کۆنسولخانەی تورکیا لەتەلئەبیب بۆ ڕیسواکردنی هێرشەکانی تورکیا و کوشتنی کورد یەکێکە لە کارتە خەوێندراوەکان، دەنا ماوەی ٩٠ ساڵ دەبێ کە دەوڵەتی تورکیا زۆر دڕندانە هەوڵی لەبێنبردنی گەلی کورد دەدات، نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردان دەکات بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام پشتیوانی لە تورکیا کردوەو ڕێی نەداوە کە کوردە جولەکەکان هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ کوردەکان پێشان بدەن.

ئێستا دەستەڵاتدارانی تورکیا هەستیان بە دژواری ڕەوشەکە کردوە، بۆیە دەیانەوێ هەندێک جاکسازی لە نێوەخۆدا ئەنجام بدەن، چونکە هەمیشە بە پشتیوانی دەرەکی کێشەو قەیرانەکانی نێوەخۆی پەردەپۆش کردوە، ئێستا کە وڵاتانی دەرەکی کارتە خەوێندراوەکان دەردەهێنن، دەبێ ئەویش ئاوڕ لە کێشەکانی نێوەخۆیدا بداتەوەو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

تورکیا لەگەڵ کێشەی کورد ڕووبەڕوە، لەمێژووشدا بە قڕکرنی ئەرمەن و سریان تۆمەتبارەو ناشتوانێ بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ، ئەگەر بتوانێ سوکە داکۆکیش لەخۆی بکات بەبیانوێ تێپەڕبونی کات، بەڵام لەبەرانبەر کێشەی کورددا دەستەو وەستان ماوەتەوە، چونکە هەم کێشەکە زیندووە، هەم ڕێژەی کورد لە تورکیا زۆرەو ڕەوشەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

هەڵبەت تا چەند دەوڵەتانی جیهان کارتە گوشارەکان دەکار بکەن، هێندە زیاتر دەوڵەتی تورکیا لە چارەسەکردنی کێشەی کورد نزیکتر دەبێتەوە. بۆیە دەبێ کوردیش ئەو دەرفەتە لە دەست خۆی نەدات.

**سەرکار محەمەد**